Kurdistan Nêt
Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.03 01:41:40 +01'00'

## هێرش کردنە سەر شاعیرو نووسەر مەهاباد قەرەداغی
## دژایەتیە لەگەڵ ئازادی، دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی

پاش‌ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی مەهاباد قەرەداغی لە گۆڤاری «گوڵان» ژمارە 456ی 2003/10/23 دا بڵاوکرایەوە ژمارەیەک لەمەلای مزگەوتەکانی هەولێر لەنوێژی جومعەدا کەوتنە هێرش بردنەسەر مەهاباد خان و بۆجاری دووهەم پەلاماریان بردەسەر کەسێک کە تەنها `تاوانی` ئەوەیە بە قەڵەمەکەی پشتگیری لە کوردستانێکی ئازادو دیموکراسیەتی بەرین و کۆمەڵگایەکی یەکسانی کردووە بۆ ژنان‌وپیاوانی کوردستان. بەداخێکی زۆریشەوە لەژێر گوشاری مەلاکان‌و دەسەڵاتدارانیدا گۆڤاری «گوڵان»لە ژمارەی 462ی 2003/12/11 دا داوای لێبوردنی کردووە و بڕیاریانداوە لەداهاتوودا `باشتر ئەوجۆرە نووسینانە کونترۆڵ بکەن`. بۆبینینی «گوڵان» بڕوانە:
http://www.gulan-media.net/

ئێمە وەکوو کواک، ڕێکخراوی ژنانی کورد دژبە توندوتیژی لەگەڵ پشتگیری تەواومان لە پێشدا بۆ ئازادی دەربڕینی بیروباوەڕ لەکوردستان و پاشانیش بۆ مەهاباد قەرەداغی وەکوو شاعیر، نووسەرو لێکۆڵەرێکی لێهاتوو، بەدەربەست و پێشکەوتنخواز، سەرنجی هەمووان بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە رادەکێشین:

1- لەکوردستانێکی ئازادو سەربەستدا دەبێ مافی دەربڕینی بیرورا بۆ نووسەران و شاعیران و رووناکبیران مسۆگەر بکرێت و هەرکەسێک لەسەر هەرنووسراوەیەک بۆچوونی جیاوازی هەبێت و یان پیەوێت بەرپەرچی‌بداتەوە پێش هەموو شتەیەک بە نووسراوە و لەهەمان دەزگای راگەیاندندا و یان ئەوەی لەڕێگای دادگاو بەبەڵگەوە داوای لێکۆڵینەوەی یاسایی لەسەربکات.

2- تەنها لەڕێگای دادگاو یاساوە دەکرێت لەسەر وەها پرسێک بڕیاربدرێت. هیچ دەزگایەکی دەسەڵاتی سیاسی‌و حیزبی بۆی نیە گوشاربخاتە سەر بریاری دادگا.

3- لەکۆمەڵگایەکی مەدەنیدا مزگەوت شوێنی عیبادەتی موسوڵمانانە. دەسەڵاتدان بە مەلای مزگەوتەکان و بەکارهێنانی مینبەری مزگەوت بۆ دەربرینی هەڵوێستی سیاسی جگەلەوەی کە لەگەڵ ئاکاری دیموکراتیانە نایەتەوە، ڕێگاش‌دەکاتەوە بۆ دەستتێوەردانی ئایین لە سیاسەتداو ئەمەش نموونەی زۆر بەرچاوی لەژێر دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی ئێرانداو بەتایبەت لە دەوری نوێژی جومعەکان لە ئێران بۆ سەرکوت‌کردنی ئازاریخوازان و بەتایبەت تێکۆشەرانی یەکسانیخوازی ژنان دەبینرێت.

4- گۆڤاری «گوڵان» دەبوو لەباتی داوای لێبوردن لەو مەلایانەی کە لەوانەیە هێندێکیان تەنانەت گۆڤارەکەشیان نەخوێندبێتەوە، دوایان لێبکات کە بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە نووسراوەکەی مەهاباد قەرەداغی بنووسن و لەهەمان لاپەرەی گۆڤارەکەدا بۆیان بڵاو بکاتەوە.

باش‌وابوو گۆڤاری «گوڵان»لەپیناوی دابینکردنی کۆمەڵگای مەدەنیدا لاپەرەیەک تەرخان‌بکات بۆ بیروراگۆرینەوە لەسەربۆچوونە جیاوازەکان بەبێ هێرش بردنەسەر تاکەکەس ویان سووکایەتیکردن و هتد.

ئێمە جارێکی دیکەش پشتگیری تەواوی خۆمان لە شاعیرونووسەر مەهاباد قەرەداغی رادەگەیەنین و داوادەکەین لە هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و لایەنگری یەکسانی بەتایبەت لە کوردستان، بەهۆی رێکخراوێکەوە بێت و یان وەکوو تاکەکەس، لەبەرامبەر پێشێلکردنی ئازادی‌تاکەکەس و سەرەتاکانی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنیدا سەر دانەنەوێنن.

ڕێکخراوی ژنانی کورد دژبە توندوتیژی KWAHK

23/12/2003